خوێندنەوە و ناساندنی کتێب:

# نیگایەک بەناو کتێبی هاواری دڵ
# (گۆرانیەکانی مامۆستا مەزهەر خالقی) دا

سەردار فەتاح ئەمین



مامۆستا مەزهەری خالقی یەکێکە لە هونەرمەندە پێشەنگەکانی کورد، کە گۆرانی و ئاواز و موسیقای بە شێوازێکی دیکە پێشکەش کردەوە، ئەو دەنگە ڕەسەنەیە، هەر کاتێک گوێت لە گۆرانیەکانی بێ، هەموو گیانت لە بارێکی خۆش بەختیاری و هەست بەخۆکردنەوە جێ دەهێڵێ، هەڵکەوتنی گۆرانیبێژ و خاڵی دەستپێکردنی هونەرەکەی لە خۆیەوە دەست پێ دەکات*.

بۆ یەکەمجار کاک عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ساڵی 1979 لە نامیلکەیەکی 56 لاپەڕەیدا لە چاپخانەی ئەشبیلیە لە بەغدا، باسی ژیان و هەندێک لە گۆرانیەکانی لە نامیلکەیەکدا پێشکەش کرد، بە ناونیشانی (خالقی و دەنگ و ئاواز).

پاش 20 ساڵ کاک (بوار نورەدین) هۆنراوەی گۆرانیەکانی ئەم هونەرمەندە مەزنەی ئامادەکردەوە و ساڵی 1999 چاپی کردووە، ئەمساڵیش 2007 چاپی پێنجەمی ئەم کتێبە بەنرخە، بە شێوازێکی جوانتر و لە بەرگێکی 320 لاپەڕەیی قەوارە گەورەدا لە چاپخانەی شڤان لە سلێمانی بە چاپی گەیاندووە، کۆمەڵێک نوسەر و هونەرمەند هاوکاری نوسەریان کردووە.




نوسینەوەی نۆتەکانی بۆ ئەم کتێبە، توانا خورشید ئامادەی کردووە و کاوە فەقێ زادە پێیدا چۆتەوە و شارۆخ ئەرژەنگی لاپەڕەکانی ڕێکخستووە.

ناوەڕۆکی (هاواری دڵ گۆرانیەکانی مامۆستا مەزهەر خالقی) بریتین لەم بابەتانە:

* چەند ڕوونکردنەوەیەک، کورتەیەک لە ژیانی هونەرمەند مەزهەر خالقی، تێکستی هەرسێ بەشی چاوپێکەوتنەکەی هونەرمەند، کە لە لایەن پێشکەشکەری بەرنامەی دەنگی هونەرمەند کاک (کەمنگەر)ەوە ساڵی 1977 لە ڕادیۆی کرماشان سازکراوە، ئەو کاتە مەزهەر خالقی خۆی بەڕێوەبەری گشتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کرماشان بووە.

* لێکۆڵینەوەیەک و چەند وتارێک لەم کتێبەدا دەخوێنینەوە، یەکەمیان لە نوسینی مامۆستا ئامانج غازی ڕەواندزی، کە ساڵی 1988 نوسیویێتی بەناونیشانی (شیکردنەوەی دەنگ و مۆسیقا و هارمۆنیای گۆرانیەکانی مەزهەر خالقی)، ئەو خەسڵەتانەی جیاکردۆتەوە، کە پێشتر لە گۆرانی کوردیدا نەبوون، بۆ نمونە بەرهەمی ساڵی 1981 ی هونەرمەند مەزهەر خالقی، کە مۆسیقای گۆرانیەکانی بە پوخت و ڕێکوپێک داناوە لە بواری:

1- بەکارهێنانی ئامێری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی لە نێو تیپێکی ئۆرکسترالی و دابەشکردنی مۆسیقاکە، بۆ ئەم دوو بەشەی ئامێرە مۆسیقاکان.

2- مۆسیقاژەنەکان لە ئاستێکی گەلێک بەرزدان، ئەمەش لە بواری ژەنینی ئامێرەکانیان و ڕۆشنبیری مۆسیقایان.
3- هەرچەندە زیاتر گوێ بۆ مۆسیقاکان شل بکەیت، زیاتر مۆرکی ڕەسەنایەتیت بۆ دەر دەکەوێت لە گۆرانیەکاندا.
4- ئەم هەموو دابەشکردنەی مۆسیقا بۆ ئامێرەکانی تیپی مۆسیقا، هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەکردۆتە سەر ئاوازی ڕەسەنی گۆرانییەکان، ئەم حاڵەش دەگەڕێتەوە بۆسەر زانینی زانستی هارمۆنی و مامەڵەکردنی ئەم بابەتە لەگەڵ مۆسیقا کوردی دا.

* پاشان لەم کتێبەدا لە لایەن خاتوو بێریڤان جەمال حەمە سەعیدەوە، کە شەیدای گۆرانیەکانی مامۆستا مەزهەر خالقیە لە سێ ووتاریدا بە شێوازێکی ئیستاتیکی و شیکاری دەربارەی گۆرانی (هەلالە، لە ناو ڕەشماڵی خێلان و پەپولەی ئازادی) دواوە، پێی وایە موسیقا و گۆرانی خۆراکی ڕوحە و نابێت موزیک لە ئاستی پلە نزمدا بنوسرێت، بەڵکو لە چالاکی و داهێنانی مۆسیقادا، کاری زانین و عەقڵگەرایی ڕۆڵ دەبینێ، کە شیاوی بیرکردنەوەی قوڵ و چڕوپڕە.
خاتوو بێریڤان گۆرانی هەلالەی بە نمونە هێناوەتەوە، کە گۆرانیەکی فۆلکلۆریە و شەریف سنەیی ساڵی 1981 ووشەکانی داڕشتۆتەوە:

لە نێو کیژانا تەنیا هەلالە
دڵی غەمینە و لە سوچی ماڵە
دەمەگری مەگری، مەگرە بەهانە
دەنێرم بۆت بێن شەدە لە بانە
هەلالە وەرە، هەلالە وەرە،
گیژە جوانەکەم تاوێ هەڵپەڕە

لە کاتێکدا گوێ لەم گۆرانیە دەگرێت، هەست بە جۆش و خرۆشێک دەکەی، پێدەچێت نۆتەکان لە ناو ناختدا تیشک بدەنەوە، دوابەدوای ئەمەش وزەیەک بە ڕوح دەگەیەنێت، دیارە خالقی لە ئامێزبوونی ئاواز و میلۆدی و دەنگی بەسۆزی، تێکەڵییەکی جوانی پێکهێناوە.
لە چمکێکی دیکەوە، خاتوو بێریڤان ئەوین و داهێنانی مەزهەر خالقی لە گۆرانی (لە ناو ڕەشماڵی خێلان)دا یەکالاکردۆتەوە وخۆشەویستی و میهر و ئەوینی بە بناغەی بەرهەمی زۆر لە داهێنەرەکان داناوە، کە بڕبڕەی پشتی کارە هونەرییەکانی شاعیر و ڕۆمانوس و گۆرانی بێژانە، واتە هەموو داهێنانێک سوتەمەنیەکەی، بۆتە هۆی هێزو گەشەپێدانی فەنتازیا و عەقڵی داهێنەران.

لە ناو ڕەشماڵی خیلان
لەناوچەی ئێڵی گۆران
کیژە کوردێ چاوبەڵەک دێ
بۆ لای دڵدار بۆ جێ ژووان
بە چرپە و دەم بە پێکەنین و بە لەنجە

ئەم گۆرانیە ساڵی 1972 تۆمارکراوە، هۆنراوەی (د.عابیدی سیراجەدین)ە ئاوازی هونەرمەند مەزهەر خالقی خۆیەتی.
* هونەرمەند لە گۆرانیەکەیدا بە دەنگی خۆش و ئاوازی زۆر جوانی، بێ تاوانی عەشق و خۆشی و کەیف سازی ئەویندار دەخاتە ڕوو، ئەو ساتە وەختەی، کە عاشقان بە زەردەخەنەی گەشەوە بە تیلەی چاوی بێگەردەوە، دەڕواننە قولایی چاوی خوماری یەکتر.

* لە دیدێکی دیکەوە دەڕوانێتە (پەپولەی ئازادی) وەکو ئاواز و گۆرانی خۆراکی ڕوح، لایەنێکی دیکەی هونەری مەزهەر خالقی، کە وەک کۆد و هێما و شفرەی جواروجۆری نهێنی شوڕشگێران لێی دەڕوانێ.

تایبەتمەندی ئەم ئاواز و گۆرانیەی مەزهەر خالقی لەوەدایە، جیا لەوەی بە دەنگی ناسک و تێکستی قەشەنگ ئاوازی گەرمی وشەی سادە و شیعری بەهێز سەرنجی بیسەر و گوێگر ڕادەکێشێ، بگرە لە هەناوی گۆرانییەکەیدا مانای جوان و پڕو قوڵی تێدایە، هیوا و ئومێد و شادی دەبەخشێت.

* پاشان بە جیا ئاوڕێکی لە هونەرمەند و جیهانی هونەری، مۆسیقا و گۆرانیەکانی و ئەشق، باوەڕ(ئایین) لای هونەرمەند مەزهەر خالقی داوەتەوە، کە پێی وایە هونەرمەند ئیمامی گۆرانی کوردی و پێغەمبەری ئەدەب و ئیستاتیکای هونەری کوردییە، زەخیرە و گەنجینەی کەلتوورمانە.

*برگەیەکی دیکەی دانسقەیی و سەرکەوتنی ئەم ئەم کتێبە، کە ماندوبوون و شەونخونی نەپساوەی کاک (بوار نورەدین)ی پێوە دیارە، نوسینەوە و تۆمارکردنی گۆرانیەکانی 12 سی دی هونەرمەند (مەزهەر خالقی)یە، کە نزیکەی 126 گۆرانی لە خۆگرتووە شێواز و ئاواز و میلۆدیەکەی جیا کردوونەتەوە، لەگەڵ 21 گۆرانی کە لە (سیدی)یەکاندا تۆمار نەکراون، سیدی هەشتەمیش کۆمەڵێک مەقامی تێدا تۆمارکراوە.

* پاشکۆی کۆتایی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ کورتەیەک دەربارەی ژیاننامەی 9 هونەرمەند لە موزیسیەنەکان و 58 نۆتەی هەندێک لە گۆرانیەکانی. موزیسیەنەکان بریتیین: لە مورتەزا حەنانە، مامۆستا کەسرەوی، حەسەن یوسف زەمانی، عەلی ئەسغەر بەهاری، حەسەن کامکار، عەلی تەجویدی، فەرەیدون ناسری، موجتەبای میرزادە و حوسێن عەلی مەللاح.

* شایانی باسە زۆربەی هۆنراوە و میلۆدی گۆرانیەکانی هونەرمەند مەزهەر خالقی فۆلکلۆرین یان شیعری شاعیرانی بەناوبانگی کوردن نوسەر ئاماژەی پێداون، (وەفایی، ئەدەب، نالی، بێسارانی، حاجی قادری کۆیی، مەولەوی، ئەحمەد موختار جاف، بێخود، پیرەمێرد، گۆران، دڵدار، قانع، ئیبراهیم ئەحمەد، محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شیرکۆ بێکەس،دکتۆر موفتی زادە، ئیبراهیمی ستوودە، عوبیدوڵڵا ئەیوبیان، عوسمان ئەحمەدی، دکتۆر عابید سەراجەدین، مەزهەر خالقی، شەریف و_خەسرەوی شێخ کانلۆ)ن.

* کتێبی هاواری دڵ گۆرانیەکانی مامۆستا مەزهەر خالقی ل31 ئامانج غازی.